


# کڕاکە.. جوانی و تراژیدیا

هاشم سەڕاج

(٢ - ٢)

ئیدی دەگەڕێمەوە بۆ خوێندنەوە کە وێنەی کڕاکە لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی داڕشتن و دەربڕین و نیگاوە، دووچاری جۆرێک لە شۆک و تێڕامانمان دەکات، هەست دەکەیت وشەکە دەستی بۆ براوە و کایەی لەگەڵدا کراوە، ڕەنگە وەک دەرکەوتنی یەکەم ڕستێک وێنەی جیاجیای زەینمان لەلا دروست بکات، وەک کاژەڵاک، کڕکراگە، قڕقڕاگە، سورێنچکە، قولی گوێ، کڕکڕاگەی گوێ...تاد، دواتر پرۆسەی میتافۆری «لاکان»مان بیر دەخاتەوە «دەکرێت لە میتافۆری ئەدەبیدا هەر دەلالەتێکی تایبەتی ناشایستە بۆ ناوێک بگۆڕێت، یان بۆ دەلالەتێکی تر، کڕاکە لە وشەی «کڕاک»ەوە هاتووە، یان دەستی بۆ براوە و پیتی ئەی «ە» بۆ زیاد کراوە، کڕاک بۆ خۆی ماددەیەکی هۆشبەرەو لە بەردی «کۆکایین»ەوە دروست کراوە، لە پۆلێنی ئەفیون و کۆکایین و حەشیشە، هیندییە سوورەکان لە سرووتی ئایینیدا گەڵای کۆکاینیان دەجووی، ڕەزا عەلی پوور لە مەسیجێکدا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ناوونیشانی دووەمی کتێبەکەی کە [ زامورا، یان کومبی زانکاریتا»یە، ئەمەیش جۆرێک لە وێرد و ماددەی هۆشبەرە هیندییە پێست سوورەکان لە سرووتی ئایینیدا بەکاری دەبەن، بەڵام بۆ کڕاکە، ڕەزا عەلی پوور لەم جەختکردنەدا، لە دەسپێکەوە دەیەوێ بە ڕوانینێکی «لاکان»ی پێمان بڵێت، زمان خاوەن بنیادێکی ناخودئاگاییە و ئەوە زمانی نەستە گوزارشت لە هزر و شتگەلەکان دەکات و کایە بە وشەکان دەکات و وێنەی دەگمەن و دانسقە دەخوڵقێنێت. کڕاکە وەک ماددەیەکی هۆشبەر بەرەو جیهانی چەندان شاعیری جیهانیمان ڕادەماڵێت کە لە ڕێگەی بەکاربردنی ماددەی هۆشبەرەوە پرۆسەی شیعرییان ئەنجام دەدا، لەوانە ئیدگار ئالان پۆ، شارل بۆدلێر و ئارسۆر ڕامبۆ و چەندانی تر، زمان بۆ خۆی کردەیەکی ناخودئاگایی منی شیعرە، کاتێک بە نەشئەی حەشیش و کڕاکیش دەفرۆشێت، دووجار دووچاری هۆشبەری دێت، بۆدلێر پێی وایە لە چرکەی مەستیدا، تەنیا داوێکی باریک لەنێوان عەقڵ و زماندا دەمێنێتەوە، ئێستا پێویستە هێدی هێدی ڕووەو جیهانی پۆلیفۆنی «فرە دەنگی» کڕاکە ببمەوە کە لێوانلێوە لە دیالۆگ ئاخۆ ئەم «بارە»، یان ئەم جوانییە چییە؟ کە

لە دنیای میتافۆردا هەوڵی دەستگیرکردنی دەدرێت، کێشەی گەورەی «ڕامبۆ» لە نووسیندا ئەوە بوو کە جوانی دەستی بەسەرا ناگیرێت و دەستت پێی ڕاناگات و بەیدەست و دەستەمۆ ناکرێت، جوانی پەرستگە، یان ڕووناکییە لە ڕوخساری درەوشاوە و جەستەوە هەڵدەقووڵێت، کردەی نووسین بەرەو کڕاکە بوون و حەشیشاندن دەبات، بۆیە دەق لای فرووغی فڕوخزاد پێویستە چەشنی تلیاک وەرگر بەرەو نەشئە و مەستی بەرێت، هەڵبەتە ڕەزا عەلی پوور لە بەکاربردنی تەکنیکی پۆلیفۆنی و دیالۆگدا سوودی لە کارکردنەکانی «باختین» وەرگرتووە لەسەر ڕۆمانەکانی دەیستۆیڤسکی، کە پێچەوانەی تاکدەنگی و مۆنۆلۆگە.

**تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب**
**بارت هەبێ**
**قاسیدێکی بە متمانەت لە**
**قەندەهار**
**– بەم کوێستانە لەعنەتییە –**
**دەست نەکەوێ**
**درێژە بە جوانییەکەت**
**بەو بارا بدە**

دەشێ لەم خوێندنەوەیەدا لە دەرکەوتنی بابەتەکان چەشنی دیاردە وەک خۆی سوود لە فینۆمینۆلۆژیای هوسرەل وەربگرم، واتە گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان و کردەی هەڵواسینی زەینی و مەبەستگەرایی، واتە هیچ هەستێک بێ مەبەست نییە، هاوکات سوود لە فۆرمالیستەکانی ڕووسیش، لە ئازادیدان بە وەرگر لە لێکدانەوەی دەلالەتەکان، هەروەها سوود وەرگرتن لە ڕەهەندی مێژوویی لە هێرمنیۆتیکای گادامێردا، وێڕای گەڕان بەدوای مانا دواخراوەکان بەپێی تیوری هەڵوەشانەوەگەرایی جاک درێدا، لە دەسپێکی نووسیندا وشەی «بار» مامەڵەیەکی ڕەگەزدۆزییانەی لەگەڵ دەکرێت.

وشەی بار لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا کۆمەڵێک واتا لەخۆ دەگرێت، بار= ئەوەی لەسەر پشتی بارەبەری دادەنێن، داب و ئاسایی، دنیا لە باری خۆی نەماوە، کاروبار، ئەرک و ڕەنج، ئەمان چەند بارت گرانە، بەڵام لە کڕاکەدا گرنگ ئەوەیە ئەم وشەیە لە سیاق- نێوکۆییدا- چۆن بەکار براوە و دەلالەتی وشەکە چۆن بەرەو خەیاڵ و بیرکردنەوەمان دەبات و چێژ و جوانیمان پێ دەبەخشێت، لێرە لەم تێکستەدا «بار» هەم باری سەرپشتی بارەبەرە، بەڵام بارێکی ئیستێتیکی، هەم بارودۆخە، حەڵەب شارێکی دێرین و پڕ دانیشتوانی وڵاتی شامە- سوریا- و بە پیشەسازی بەناوبانگە، بەڵام قەندەهار شارێکە لە ئەفغانستان و لە ڕووی زۆری نیشتەجێ بوونەوە دوای کابول و هەرات دێت، بە بازرگانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەناوبانگە، لەپێش زایین بە شارێکی دێرینی ئێزیدی نشین بەناوبانگ بووە، بەڵام ئێزیدییەکان ئەوکات قەتڵوعام و کۆمەڵکوژی کراون، دەشێت لە دەقی کڕاکەدا ئەم ناوهێنانە خۆی لە خۆیدا ئاماژە بێت بۆ کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکانی «شەنگال» لەم سەردەمەی ئێمەدا، بڕوانە «ویکیپیدیا» سەبارەت بە قەندەهار، دەقی کڕاکە وەک تێکستێکی هێمایین بە پێنج بەش نووسراوە، بەشی یەکەم تا چوار دیالۆگە لەنێوان سووژەی لەت و کوتبووی منی شیعر و «سەنەم»دا، سەنەم بەرهەمی دەستی بتکارەیەکی کارامەیە، هەم جوانی پێ بەخشیوە هەم پیرۆزی، بەڵام سووژە چۆن مامەڵە لەگەڵ جوانی و ناخی سەنەمدا دەکات.

لە پانتایی دەقدا خوێنەر هەست بە ئاماژەگەلێک دەکات، یان بەشێوەیەکی تر ئاماژەگەلێک ئاماژەن بۆ قۆناغی ئاوێنەیی «لاکان» و سووژە و هێما و خەیاڵ و ڕیاڵ، کە لە دەروونشیکاری و ڕوانینەکانی «لاکان»دا جەختیان لەسەر دەکرێت، سەنەم وێڕای ئەو جوانییە دەگمەن و دانسقەیەی، خاڵی نییە لە مەینەت و تراژیدیاکانی بوون، بەڵام سووژەی منی شیعر لە سەرەتاوە سەرقاڵی چێژبردنە لە ئۆبژە، ئەم بابەتەیش لای «لاکان» بەم شێوەیە دەکەوێتەوە [ئێمە هەرگیز بەو شتەی کە دەمانەوێت ناگەین، هەربۆیە حەزیشمان تێربوونی نییە، دەقی کڕاکە بۆ چێژ بردن لە ئۆبژە سەرقاڵی یاری زمانییە، خوێنەر ڕاستەوخۆ لە بەشی یەک تا چوار، هەست بەم گەمە و کایەی زمانییە دەکات و زۆرجار هزری ناماقووڵ و دەربڕینی قێزەونی زمان خۆی لە چەند وشەیەکدا بەرجەستە دەکات، واتە گوزارشت بەبێ باکی سەرقاڵی دەربڕینە، بەشێوازی تەنز و گۆلمەز و گاڵتەجاڕی، دەربڕینێک لە بارەی جوانی و بوون و مەرگ، وشە ناشایان و ناشایستەکانیش پێوەندییان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، وەک تاقە وشەی میز و پیسایی، ئاخر واتای بێ بنەڕەتی بوون لە حاڵەتی پێشکەوتن و لەسەر جێکەوتندا دەردەکەوێت، لەوێ هەست بە مەینەت و تراژیدیای بوون

دەکرێت، بوون لەوێ بەشێوەیەکی شاراوە لەبەردەم جوانیدا خۆی مەڵاس داوە، کراکە زیاتر لەم چوار بەشەدا کار لەسەر گەمەی زمانی و سیستمی ئاماژە دەکات، بابەتە هزرییەکان بەشێوازێکی هێما ئامێزی برووسکەیی ئاماژەیان بۆ دەکرێت، بەڵام بەشی پێنجەم کە تایبەتە بە «حەسەن»..ی هاوڕێی «ڕەزا عەلی پوور» لەم بەشەدا توخمی مۆنۆلۆگ دەست بەسەر دنیای گێڕانەوەدا دەگرێت و ژیانی «حەسەن» کە لە ژیاندا نەماوە، بەشێوازێکی شیعرگەرایی دەگێڕێتەوە (پۆل ریکۆر) گوتەنی کەس وەک دەق بە جوانی خۆی، خۆی ناگێڕێتەوە.

پێم باشە دواتر باس لە کارەکتەری «حەسەن» بکەم، ڕەنگە بەر لەمردنی لە بواری ناساندنی جوانی «سەنەم»دا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا بێت، چونکە منی شیعر لە کراکەدا دووجار بە وشەی کراکە «لەوەیە هێما نەشئە و مەستییەکی دەروونی بێت لە ڕێگای جوانییەوە» بەناوی کارەکتەرەکانیدا دەلکێنێت، جارێک بەناوی سەنەم و جارێکی تر بەناوی «حەسەن»، ئەگەر ڕەزا عەلی پوور لە کراکەدا لە ڕووی تەکنیک و یاری زمانییەوە سوودی لە شەپۆلی شیعری زمانی بەراهەنی وەرگرتبێت و لە ڕووی بزاڤی وێنە و کێتلە و جووڵە و پێکهاتەی شیعریش لە شیعری حەجم و مانیفێستە بەناوبانگەکەی شەپۆلی حەجم، بە تایبەتی بۆ ڕوانینی چەمکی جوانی، وەک بارستاییەکی کراکەیی کە هەم جەوهەری سووژە مەست دەکات، هەم سیستمی لێڵ و ئاڵۆزی زمان، چونکە لە بنەڕەتدا دەستبردن بۆ وشەی «کراک» و کردنی بە کراکە، ئەم دەستبردن بۆ وشەی «کراک» و کردنی بە کراکە، ئەم «ە»بە ئاماژەیە بۆ بوون و لایەنی نائاگایی مرۆڤ، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زمانی لەسەر بنەمای ناخود ئاگایی ئەفرێندراوە، واتە خاوەندی ناخودئاگاییەکی پڕاوپڕ لە هۆشبەری کراکی تیا نیشتەجێیە، دەشێت ئەمە ئاماژە بێت بۆ ڕوانینە سایکۆلۆژییەکانی دەروونشیکاری لەلای فرۆید و دواتر «لاکان»، واتە مرۆڤ لە کراکەدا ئەو بوونەوەرە عەقڵانی و هاوسەنگ و شیک و ڕێکوپێکە نییە.

سووژەی «سەنەم»یش وێڕای جوانییە دڵڕفێنەکەی، لێوانلێوە لە تۆوی فۆبیا و شیزۆفرینیا و هیستریا- سەنەم کچە، یان ژنێکی جوانە هێدی هێدی زەینی ڕووی لە شێتییە، ئەم حاڵەتی پێکهاتەی ناخودئاگاییە، دواجار لای «ژیل دۆلۆز» لە «دژە ئۆدیب»دا چوارچێوەی خانەوادەیی تێدەپەڕێنێت، یان دەبەزێنێت و سەرجەم کۆمەڵگا دەگرێتەوە، کراکەکە لە دەسپێکی نووسینەوە، ڕاستتر لە ڕستەی یەکەمەوە.

**تۆ چ غەمگینی وەک لە حەڵەب بارت هەبێ**

تا دوا ڕستەی کۆپلەی یەکەم..

**درێژە بەجوانییەکەت**
**بەو بارا بدە**

دەنگی وڕێنە ئامێزی «منی شیعرە» خۆ لەگەڵ سووژەی خۆیدا دەدوێت، ئەم کۆپلەیە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ئەلیگۆرییەک al-legorie.. پارچەیەکی هێماییی زمانییە و چیرۆکێکی هێمایین دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا چەشنی کۆپلەیەکی دەسپێکی کراکە کلیلی دەقێکی پۆلیفۆنییە، واتە تێکستێکی فرە دەنگی و لە ڕێگەی دیالۆگ و پارادۆکس و گێڕانەوە و ئایرۆنییەتی زمانەوە گەشە بە دەرکەوتن و پێواری - غیاب»ی مانا و دەلالەتەکان دەدات، دەنگی دووەم کە بەشێوەی دیالۆگ وەڵامی دەنگی یەکەمی میتافۆر دەداتەوە دەنگی «سەنەم»ە، سەنەم وەک کچێک، یان ژنێک خاوەن جوانییەکی ناوازەیە، بەڵام وەک پێکهاتەی جەستەیی، مێینەیەکی ئاسایی نییە، دەشێت بە قلێپ و ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشەی بایۆلۆژی کەسایەتی «سارازین»ی کارەکتەری بەناوبانگی «بەلزاک» کە «ڕۆلان بارت» کاری لەسەرکردووە، پێکهاتەی جەستەیی کارەکتەری سەنەم سەر بە ڕەگەزی چوارەم بێت، واتە لە شکڵ و ڕوخساردا سیما و ڕواڵەتێکی کوڕانەی هەبێت، کەچی وەک پێکهاتەی جەستەیی کچ بێت.

**لە بۆنی بن هەنگڵت خۆشترت دی**
**تامی کوڕێک دەدەی لات وایە لە تامت کردبوو**
**ناتۆ بۆنی کاول دەدەی، بنمیچەکانی**
**منداڵیت خانە خەراب**
**تاکو خۆت مەوازی بژمێرە**

لە شوێنێکی تری پێش ئەم بڕگەیە:

**سەنەم**
**بۆنی شیلەی پیاو**
**دەدەی**
**هێشتا بۆنی تەخت و موبلە جلفەکان**
**توندتر بشۆ توند**
**ئاو نایبا**
**چی زمانی کارمەندی بیمە و**

**تەمەنە ترسنۆکەکەی**
**لەسەر ناوت**
**لەسەرناوکت**
**بسوو**
**بسوو**
**هەوا نایبا**

سـەنەم لە دەسـپـێکی نووسین و کـۆپلەی یەکـەمـدا، بەم شـێـوەیە بەشداری دیالۆگەکە دەکات:

**ڕاست دەکەی**
**ڕێک ڕەنگێکی شەرمێونم**
**لار ئیمزایەکی گۆشەگیر**
**لە پەنجەی نەقاشێکی بێکارەدا،**

ڕەنگە خـولـقـاندنی کـەسـایـەتی «سەنەم» لە کڕاکەدا، وەک هەستی (ئەنیـمـا و ئەنیـمـوس» کـە زانای دەروونشـیکاری سـویسـری کـارل گـوسـتـاف یۆنگ جـەختی لەسـەر دەکـات، لەلایەن منی شـیـعـرەوە کـایەی لەگـەڵدا کـرابێت، چونکە «سـەنەم» لە کـڕاکـەدا، بەرهەمی خـەیاڵی زمـانی و خـەیاڵی سێکسییە، چەشنی کەسایەتی کچە لاواز و بـنـێـس و بـەژن بـڵـنـدی «سۆفیا» کە لای عارفەکان هێمای جوانی و عـیـشق و هەڵایسـاندنی چرکـەکـانی درەوشـانەوەیە، بەڵام سـەنەم تا دێ جوانی جـەسـتـەی لە دەست دەدا و لەلایەن گـورگـەکـانی کـۆمـەڵگاوە، پەلامـار دەدرێت و دووچاری شکست دێت.

**نەهۆمـە جیـاوازەکـانی هەمـوو ئەو کوڕانەی دەنگیان کردووی،**
**هەمـوو ئەو مـاشـینە ئالۆشـانەی سواریان بردووی خێراتر بکەوی.**

دەشـێت لە جـیـهـانی شـیـعـردا «جـوانی» گـرنگـتـرین سـەرچاوەی نووسین بێت، چونکە جوانی کاتێک دەردەکـەوێت چەشنی حـەشـیـش و کڕاک سیستمی زمان بە شەپۆلەکانی هەست بارگاوی دەکات، بە تایبەتی جوانی جەستە، بەڵام خودی جوانی، چەشنی شنە و پرشنگێکی ڕاگـوزەرە و هەرگـیـز ڕادەست و دەسـتـەمـۆ ناکرێت.

«ڕامـبـۆ» لـە زۆربـەی تێکسـتـەکـانیـدا بەدەست ڕادەست نەبوونی جوانییەوە دەناڵێنێت، بەڵام جوانی سەنەم لە کڕاکەدا لە ئالۆش و خـرۆشـانی ئیـرۆتیکا و پۆرنۆوە سـەرچاوە دەگرێت، واتە سـەرچاوەی چێژ و لیبیدۆی سێکسییە، کەچی لە سـەرەتادا «منی شـیـعـر» کـە هێزێکی مـەعـریفـیـیـە و لە خـەیاڵی سـێکس بەدەر نییـە، وەک بتـێکی لێوانلێو لە پیرۆزگەرایی لە سەنەم دەڕوانێت، سـەنەم جـوانیـیـەکـە پێویستە بپەرسترێت، کەچی دواتر جووڵە و جوانی جەستە هێدی هێدی لەلای منی شـیـعـر، سنوورەکـانی ئیستێتیکا دەبەزێنێت و لە جیهانی پڕاوپڕ لە خـرۆشـانی سـێکسـیـدا دەگیرسێتەوە.

**[ئێمە جوانییەکانی تۆ دەگوشین**
**لەژێر ڕیزی ددانەکانمانا**
**ئێمـە ناسکی تۆ لە بەینی ڕانمانا**
**کە پڕن لە بەرازی نووستوو**
**ئێمـە زراڤـیـەکـانت لەنێـوان ڕووشایی تووکمانا.. تووش ئەبین]**

ئێستا سـەنەم چەشنی «مـاریا»ی «یازدە خـولەک»ی پاولۆ کـۆیلۆ- چرکـە شـەبەقی و سـۆزانیـیـەکـانی دەنووسـێـتـەوە، دەق بەشـێـوازێکی هێمایین و ئیماژ و ئاماژە کۆمەڵێک ڕووداوی شـاراوە دەخـاتە ڕوو کـە پێـوەندییـان بە ژیانی سـەنەمـەوە هەیە.

**ئەو ڕۆژانەی لە منداڵیما**
**وەریبوون**
**سێو بوو**

**ئەو کچەی بە پیاوەتیما**
**هەناسە بوو**
**هەرس و هاوسێ بووی**

تا دێ دیمەنە سـێکسـیـیـەکـان لە ڕسـتـێک وێنەی جـۆراوجـۆردا بەرجەستە دەکرێن.

**بە کەوتوویی لاقەکانت بەخۆیەوە مەستتر دەبێ**
**لارەولا دەگەڕێیتەوە میواندار**
**بە کەوتوویی بڵێ**
**ببوورن!**

وەک ئەوەی سـەنەم بەنهـێنی سێکس دەکات و ئەوی دی لە درزی دەرگـا و پەنجـەرەیەکـەوە بە دزییـەوە نیگای دەکات و چێژی لێ دەبات،

**من مەغزم نەزانم مەرەزە و قاوەیی دەسووتێ!**
**[ئەی سەنەم**
**ئەی بەردی داکەوتوو بە سەختا**
**ئەی ئاوی ڕاکشاو بە توندا**
**هیچاوهیچ]**

دەکـرێت لە کـڕاکـەدا لە جـیـاتی ئـەوەی لە چـەمـکی واتا بـگـەڕێین، لەجیهانێک بگەڕێین کە منی شیعر دروستی کـردووە، واتە چەمکی واتا وەلانێین. چۆن خـەودیتـوو لەلای «باشـلار» لە کـڵـپـەی مـۆمـەکـە ڕادەمـێـنێت و هێـدی هێـدی بەرەو تێـڕامـان و یەکـتـاگـەرایی و نوستـالیـژیای دەبات، منی شیـعـر بە هەمـان شـێـوە لە ڕێگەی خـەیاڵ و خـەیاڵبـردنەوەوە، لە کڵـپـەی جوانی «سـەنەم» ڕادەمـێنێت و لە پانتـایی دەقی کڕاکەدا جیهانێک دەخولقێنێت لە زمان، ئاخر کڵپەی ئاگری جوانی «سەنەم» بەشێوەیەک دەیورووژێنێت بەرەو خـۆدواندن و وڕێنەی دەبات و منی شـیـعـر لە ڕێگـەی جـوانی ڕوخسـاری سەنەمەوە جـیـهـانێکی تایبـەتمەندی شیـعـری دەخولقێنێت

پراوپڕ لە نیشانە و ئاماژە و ئاسەواری زمانی ناخودئاگا، جیهانێکی شیعری لە ڕێگەی میتافۆری زمانییەوە خولقێنراوە، تێیدا ئارەزوو، یاری بەچێژی ئیرۆتیکی دەکات.

**جانتاکەت**
**چەسپێکی برین پێچ**
**- ئەوێکەت بپێچە -**
**تۆ ئێستە جانتاکەت**
**کرێم و کلینێکس، دوو ماتیک**
**- بۆ مۆدو مەبادا-**
**تۆ ئێستە جانتاکەت سەنەم**
**سێوێکی چرچ و لەتە مۆزێکی ڕەش**
**- ڕەشایی-**
**مۆز بخۆ**
**پێستەکەی بۆ پێستت قازانجە**
**تۆ ئێستە مۆزەکەت، جانتاکەت پڕە لە پۆتاسیۆم، کالسیۆم، مەگنیسیۆم، سێو بخۆ، سێوی لەیبڵ، بۆ تەقە تەقی ئێسکی ئەژنۆت**
**ئێواران مۆز بخۆ و پرتەقاڵ**
**بەیانیان ئاناناس**
**- ناناسی-**
**تۆ ئێستە جانتاکەت**
**تۆ ئێستە جان تاکەتی**

سووژەی لەت و کوتکراوی «منی شیعر» بەشێوەی وڕێنە و بەڕستێک سەجع و سەروا لە پیرۆزگەرایی جوانی ئۆبژەیەک دەدوێت کە لەنێو کۆمەڵگادا خەریکە جوانییەکەی دووچاری شکست دێت و بەڕوانینی «هایدگەر»ی بوونی ڕەسەنی لەدەست دەدا، داوودەزگا و ڕێکخراوەکانی نێو کۆمەڵگایەکی کۆنترۆڵکراو، هزر و جوانی لێ دەسەننەوە و لە شوێنی ئەو بیر دەکەنەوە، سەنەم بوونە و لە ماڵی زماندا نیشتەجێیە

**ماڵی عیشق**
**بەخشتی جوانی**
**هەڵچنراوە**
**ماڵی جوانی**
**بەخشتی ئاگر**
«هـ. سەڕاج»

لەم کەشی تێڕامانی کڵپەی ئاگری جوانییەدا، وڕێنە و قسە بزرکاندنەکانی سووژە بەردەوامە

**سەنەم**
**شتێکی وا زانراو پێت دەڵێ:**
**ڕۆژانێک لێوت لێوتر بوو**
**قسەکانت قسەتر بوون**
**ڕێک وەک کەشفی خزمایەتی هەنجیر و ئینجیل، فیل و سۆفی ئەلف و ئاڵف**
**وەک کەشفی دژایەتی درزەکانت و دەرزییەکانی بیمارستان**
**هاوڕێکەت هەستی دەکرد کەشفەکانیت لێ دزیوە**

سووژەی منی شیعر تا دێت لە جوانییەکی پیرۆزگەرا دەدوێت، کە لەلایەن کۆمەڵگاوە خودی داگیرکراوە، جوانییەک تا دێت ڕووی لە کەوتن و شکستە،

**نازانێ بوون غەمگینە**
**نازانێ هەوا ناشادە هەمیشە**
**بڵێ کچێ تۆ شیعری، شیعریەتی چەتیو**
**شیعرێکی تێکشکاو**

وەک چۆن لای «پۆل دومان» هەر خوێندنەوەیەک تێیدا «ناخوێندنەوەیەک» حەشاردراوە، دەق هەمیشە بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دوا خوێندنەوە بوونی نییە، لە شیعری نوێدا دەشێت دیاریکردنی جیهانێکی تایبەتی شیعری کۆتا جیهان نەبێت، بەڵکو کۆمەڵێک جیهانی نادیاری پەیوەست بەیەک، بەردەوامی بەکردەی نووسین بدەن، بۆیە لای پۆل ریکۆر «١٩١٣-٢٠٠٥» کردەی ڕاڤە بەردەوامە و پێی وایە نەوەی داهاتوو کاتێک دێن دیالۆگ دەسازێنن و ڕێچکەکە تەواو دەکەن، پێویستە ئەو نەوەیەی کە دێت، کەشی بۆ فەراهەم بکرێت، بەڵام لە کراکەدا منی شیعر چۆن لە ڕێگەی جوانی «سەنەم»ەوە ڕوانین و خەیاڵ و وێناکردن و سەرمایەی ڕۆشنبیری خۆی دەنووسێتەوە، سەرمایەی ڕۆشنبیری لای پێر بوردیۆ «١٩٣٠-٢٠٠٢» سەرمایەیەکی ڕەمزییە و لە ڕێگەی توانست و لێهاتوویی و ئەزموونی مەعریفییەوە بەدەست هاتووە و وای لێ دێت کەسەکانی نێو کۆمەڵگا بایەخ و گرنگی پێ دەدەن، واتە منی شیعر لە ڕێگەی هەست و خەیاڵ و جوانییەوە هابیتوس و سەرمایەی ڕەمزی دەنووسێتەوە، دەیەوێت لە ڕێگەی کڵپەی جوانی سەنەمەوە کراکەکانی ناو سیستمی زمان بەرەو لەنجە و سەما بەرێت، بەڵام سەنەم تا دێت لە کۆمەڵگایەکی کۆنترۆڵکراودا، بوونی ڕەسەنی داگیر دەکرێت.

بە تایبەتی لەلایەن داوودەزگا و ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگاوە، میشێل فوکۆ «١٩٢٦- ١٩٨٤» چەشنی مارکس و ئالتۆسێر لە شێوە و دیزایینی دەسەڵات ناڕوانێت کە بەشێوەیەکی شاقوولی لەسەرەوە بۆ نێو کۆمەڵگا دابەزیبێت، بەڵکو دەسەڵات بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەندی هێزەکان، یان تۆڕێکی تێکچرژاو لە پێوەندی هێزەکان کە بە شێوەی داوودەزگا و سەندیکا و ڕێکخراو و ڕاگەیاندن و نووسینگەی جۆراوجۆر لە کانگای کۆمەڵگادا نیشتەجێن و لەپێناو

پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی بەردەوام لە ململانێ و کێبەرکێدان و فووکۆ لە پێوەندی نێوان دەسەڵات و زانین دەدوێت و چۆن کۆمەڵێک هێزی لەت لەت و پارچە پارچە کراو لەپێوەندی گەلێکدان و برەو بەرەوشی کۆمەڵگای کۆنترۆڵکراو دەدەن و هەژموونی دەسەڵات دەسەپێنن، مەبەست ئەوەیە لای فووکۆ دەسەڵات لە هەموو کونج و کەلەبەرێکدا بوونی هەیە، کاتێک «سەنەم» لەنێو کۆمەڵگادا دەکەوێتە نێو تۆڕی ئاڵۆزی پێوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتەوە، چۆن لەلایەن سانسۆر و ڕەخنەگر و پیاوانی ڕاگەیاندنەوە دەچەوسێنرێتەوە، دەشێت «سەنەم» بەو هەموو جوانییەوە، بارستاییەک بێت لە خەیاڵی سێکسی.

**پێتوایە خۆشێکیت دەروونی**
**کۆمەڵگا، تاریخ و جوگرافیا**
**تۆ یان گا**
**دەمت نا، پێشت نا، پاشت نا**
**وەسەنی تۆیان**

منی شیعر لە کراکەدا بە هەستێکی بوونگەرایی و نیهیلست لە چرکەی ئێستای جوانی و بوونی داهاتوو دەڕوانێت.

**هێق بکەوە سەنەم**
**خۆرێکی نێر کە خزاوەتە ناو سکتەوە**
**ڕیزە نوقتەیەکی شلۆک کە ڕژاوەتە هەناوتەوە**
**هێق بکەوە**
**پێوەندی درێژی جان و جانتا**
**پێوەندی خڕی سککە و ساک هێق**
**هێق بکەوە**
**ئاه سەنەم**
**خۆت و ئاوەخۆت و هەوا**
**دوو جاری دی ئەم قالاوییە – تۆبیت و خوا**
**هێق بکەوە**

دەقی کراکە لەناکاو کردەی گێڕانەوە دەپچڕێنێت، بە دوو دێڕ ئاماژە بۆ شەپۆلی شیعری «حەجم» و ئەلفوبێی شیعری زمانی دەدات:

**ئەوکاتەی موکەعەب پڕە لە حەجم**
**ئاو و ئاو زۆر دەستەن**
**ئەلفوبێ پڕیەتی لە خەتەر ئەوکاتە**
**وشەکان دوو جۆرن**
**ڕەش و ڕەش**
**ئەوکاتەی گیا ئاوسە بە سەوز، تۆ تەنها بەخۆت پڕی**

دەتوانم بڵێم چەمکی شیعرگەرایی وەک بەشێک لە کراکەدا دەکرێت لە ڕێگەی بزاڤی ڕیتم و گێڕانەوە و دیالۆگ و گەمەی زمانی و پارادۆکسەوە دیاری بکرێت هەڵبەتە بەشەکەی تریشی وەک جەمسەری ئیستێتیکی لای وەرگرە، «سەنەم» لە ڕووی شەبەقییەت و هێزی ئیرۆتیکییەوە لە کەسایەتی «مدام بۆڤاری»ی «فلۆبێر» دەکات، لە ڕووی چێژ و جوانی جەستەوە لە ژن و کچە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکانی د.ه. لۆرانس، بە تایبەتی «لێدی چاترلی»، «سەنەم» لەنێو تۆڕی پێوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتی کۆمەڵگادا کچێکی سەد دەر سەد دەستەمۆکراو نییە، ئەوەتانێ هاوڕێکانی چێژ لە عەتری جلوبەرگ و جوانی جانتاو بۆنی پێستیشی دەکەن:

**هاوڕێکەت بیر لە پێوەندی پێست و پەیڤ و**
**بەیناوبەینیش چەمکی چینی ئیلیتریشێن دەکاتەوە، کە لە ددانە فلچەکانی ڕەخنەگرەوە ئەهاتن،**
**نەک دەق**
**دەقی کراس و دوگمەی هاوڕێکەت دەکاتەوە**
**ڕەخنەگر**

کارکردن لەسەر جوانییەکانی ڕوخسار و جەستەی «سەنەم» بە ستایلێکی هێمایین بەردەوامی بە کردەی نووسین دەدا و جۆرێک لە حەسرەت و سوێ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت:

**من قبووڵمە**
**چ غەمگینم وەک لە حەڵەب بارم هەبێ**
**لەسەر قەند کوژرابێتم**
**من قبووڵمە**
**دنیا کەمە و پێستت ئاوتر**
**پرچت فۆرمی قەسیدەیە و بۆ دیتنی چاوم چاوتر**

بەڵام هەمیسان حەز و ئارەزوویەکی ئیرۆتیکی چەشنی کراک و حەشیش ئاوێتەی نێو کۆیی ڕستە شیعرییەکان دەبێت:

**(لووس ڕانەکانی ڕادەگات و دەستەکانم پاڵ دەکشێ**
**ئەو خەونانەم خۆش ئەوێن هێشتا نەنووستووم.**
**..........**
**چەند دژوارە لەم گەرمێنە لەعنەتییە**
**تەتەرێکی غەریبانی تێ ناکەوێ)**

ئیتر دەقی کراکە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئایکۆن و هێما و دەستەواژەی لاهووتییەوە، گوتارێک ئاراستەی نیشتمان، جوانی و شکستەکانی سەنەم دەکات و شیعر خۆی لە ڕستێک هاودژی و پارادۆکسدا دەدۆزێتەوە، بیابان، دەریا، خۆر و سێبەر و خەون و ڕاستی، ئاسمان و زەوین، ڕووناکی و تاریکی، ئامرازەکانی ڕێزمان، کار و کارا و جێناو...

**نیشتمان کڵاوەکەی لار دائەنێ و**
**بوخارا بێ یان سەمەرقەند**

**ئەسفەهان بێ یان قەندەهار**

کەچی «سەنەم» شکڵ و شێوەی تر وەردەگرێت و «ژیان لە زەمیلەکەیا سیس ئەبێ و»

**ژنێکی گوڵفرۆشت نەدیوە؟**
**زەمیلەکەی لە باوەشیاو**
**دەستەکانی پەڕانتزی گوڵەکانە**
**من پیاوی ئازام زۆر دیوە**
**کەچی ژیان لە زەمیلەکەما سیس ئەبێ و.**

دەقی کڕاکە لە بەشەکانی دواییدا کۆمەڵێک ڕستە و دێڕ و دەستەواژەی شیعری بە فۆرمی کۆن دەربڕیوە و تێیدا بایەخی بە کێش و سەروا داوە، بۆ نموونە:

**دنیا کەمە و زەوی غوبار**
**خوێنت فەرقە و خەڵتانی ژار**

دەشێت ئەم حاڵەتە فەراهەمکردنی کەشوهەوایەک بێت بۆ دەرکەوتنی کەسایەتی «حەسەن» کە دوایین بەشی کڕاکە بۆ ئەم کەسایەتییە دیار نەماوە تەرخان کراوە، حەسەن کەسێکە بەر لە نەمانی شیعری کێش و سەرواداری نووسیوە، هەڵبەتە شیعری کڕاکە لەم بەشەدا بە تەواوی ڕوو لە ستایلێکی ڕوون و شەفاف دەکات و ڕووی لە شەپۆلی شیعری حەجم و شیعری زمانی و ستایلی هێمایین وەردەگێڕێت و ڕاستەوخۆ گوزارشت لە مەینەت و تراژیدیای ژیانی حەسەن دەکات، بەڵام با بزانین حەسەن کێیە؟ ئەگەر لە چوار بەشە بەراییەکەی کڕاکەدا گوتارێکی شاراوە لە ڕێگەی جووڵەکانی ڕیتم و وێنە و توخمی شیعرگەراییەوە ئاراستەی جوانییەکانی «سەنەم» کرابێت، ئەوە لەم بەشەدا مەینەت و تراژیدیای مەرگی حەسەن سەرتاسەری فەزای ئەم بەشەی داگرتووە و باڵی بەسەر زمان و ستایلی نووسینیشدا کێشاوە.

**من کراسە قەیتانییەکەت دەگەڕێم**
**کە وشە کەتانییەکان و**
**گوڵە سیگارەکان قاپووری**
**فیشەکەکان بۆ بۆنێکی تۆ حەسەن..**
**مناڵیمان لەگەڕەکە پەرتەکانی**
**شارا**
**لە پەڕانتزە ئابووری و**
**پرتووکاوەکانا**
**ڕاونرا بوو حەسەن**
**داو نرابوو حەسەن**

دەشێت «حەسەن» یەکێک بووبێت لە هاوڕێ نزیکەکانی ڕەزا عەلی پوور لە یەکێک لە کووچە و گەڕەکەکانی مەریوان و سەقز، بانە، یان سنە، بەیەکەوە گەورە بووبن، دەشێت حەسەن مرۆڤێکی سادە و ئاسایی نەبووبێت، مرۆڤێکی ڕووناکبیر و ڕێنیشاندەر، کلیلی جوانییەکانی جیهانی شیعری بە ڕەزا عەلی پوور ناساندبێت، لە ڕوخسار و شێوەی جوانییەکانی «سەنەم»یش دوابێت و زەینییەت و ڕوانینی هاوڕێکانی دەوروبەری خۆی ڕووەو جیهان و جوانی فراوانتر کردبێت لێرەدا گۆرانییەکی میللی تورکمانیم بیردەکەوێتەوە و دەڵێت: کۆر ئۆڵەسەن حەسەن، یەپایاڵغوز قەڵەسەن داغلەرا ساڵدومانی، سان یالغوز قۆیدوو مانی، دوای نەمانی حەسەن، توانست و بەهرەی شیعری لای ڕەزا عەلی پوور ڕوو لە گەشە و پەرەسەندن دەکات، بەڵام حەسەن وەک ئەوەی کانیلەی «کاستالیا»ی شیعر بێت، بەشێک لە نهێنییەکانی ئەم ژانرەی بۆ هاوەڵەکانی شی کردبێتەوە، کەسایەتی حەسەن لەم دەقەدا هاوکات هێمای جیهانێکی لێوانلێو لە نیگەرانی و هەستی جوانی و تراژیدیای شیعرە، هەستێک یاری بە سیستم و سیاق و ئایرۆنیەتی زمان دەکات و بەرانبەر بە بوون و مەرگ و جوانی، ڕوانین و دنیابینییەکانی دەنووسێتەوە:

**پاش تۆ ئێمە**
**ئێمە پاش تۆ بووینە شاعیر**

کڕاکە لە دەسپێکی نووسینەوە پەیامێکی شاراوەی تراژیدی ئاراستەی جیهانی نووسین دەکات، پەیامەکە بەشێکی پەیوەستە بە جوانی ناوازەی سەنەم و شکستەکانییەوە، بەشەکەی تری بە مەینەت و بەسەرهاتەکانی «حەسەن»ـەوە، شیعر چییە؟ زمانە و جۆرێکە لە بیرکردنەوە و دەربڕینی «دازاین» ، لەنێو جیهاندا دەژی و بەدڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە گۆرانییەکی ئۆنتۆلۆژی بۆ ئەویدی دەڵێت و هەر لەویاش لەنێو دەچێت، لە کڕاکەدا حەسەن مرۆڤێکی ئازا و جەسوور و جەربەزەیە، تاتوو و خاڵە کوتراوەکانی سەر بازووی بە شیعر دەچوێنرێت. حەسەن ئێستا جگە لە یادەوەرییەکی سپی، شتێکی تر نییە، ئاماتۆرە غەمگینەکەشی دوای نەمانی جووڵە و جوانییەکانی لە دەست داوە.

**تۆ یەکەمجار شیعرت وەک خاڵە**
**کوتراوەکانی سەر بازۆڵەت**
**تۆ یەکەمجار جگەرەت وەک**
**هەناسە گڕدارەکانی سینگت**
**تۆ یەکەمجار قاقات وەک دەشت و**
**قاچە ئاماتۆرەکانت**
**....**
**ئێمە کاولتر لە سەگ و ئاوەدانتر**
**لە زبڵدانەکان**
**عارەق و عارەقەمان کەشف دەکرد**
**دڵخۆشتر لە دامەزرانی خوشکە**
**کارمەندەکەی تۆ و**

**برا قاچاخچییەکەی من**

لێرە ڕەزا عەلی پوور ڕاستەوخۆ کۆمەڵێک حاڵەتی کەسێتی و شەخسی دەخاتە ڕوو، بەینەت و مەحەببەتی کەسایەتی حەسەن وای لێ دەکات بە ڕاشکاوی لە پێوەندییە خانەوادەییەکان بدوێت و پرسە خێزانییەکان تێکەڵ بە جیهانی شیعر بکرێن.

حەسەن لە دەستپێکی کڕاکەدا هێمای داهێنان و جوانییە، یان ئەو هێزە شاراوەیەیە کە درێژە بە کردەی نووسین و بەو «بارا» دەدات، هاوکات قاسیدێکە جێی متمانەیە، ئەوە دەنگی «حەسەن»ـە لە دەقێکی پۆلیفۆنیدا داوا لە منی شیعر دەکات، درێژە بە نووسینی جوانییەکان بدەم،

**درێژە بە جوانییەکەت**
**بەو بارا بدە**
**ناگەهان تەسادف**
**پیاوێکی کافیتر**
**ماڵاوا**
**بەو بارا جوانییەکەت درێژە بدە**

حەسەنی جوانەمەرگ، وەهمێکە سەرجەم جوانییەکانی شیعری لە خۆیدا کۆکردووەتەوە و مرۆڤێکە خاوەن هەستێکی شارستانی بڕوای بە ئازادی و پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و کۆمەڵگایەکی ڕەنگاوڕەنگ هەبووە، حەزی دەکرد چێژ لە جوانییە جۆراوجۆرەکانی جیهان ببینێت.

**کە وتت گەورە بین لە بەغداوە**
**خەون ئەهێنین بۆ هەموومان**
**کە وتت گەورە بین لە ئەستەمووڵەوە سینەما و**
**کە وتت گەورە بین لە تاران و قەندەهارەوە**
**تار و قەند و شەقام ئەهێنین**

بەڵام «دەسەڵات».. میشێل فووکۆ گوتەنی زنجیرەیەکە لە پێوەندییەکانی هێز و لە کانگای کۆمەڵگادا نیشتەجێیە و لە ڕێگای دام و دەزگاکانەوە بەرژەوەندی و هەژموون و ئایدیۆلۆژیای دەپارێزێت و کۆمەڵگایەکی کۆنترۆڵکراو دروست دەکات، دەسەڵات هەمیشە دژی خەون و ڕوانین و هزر و دنیابینییە قووڵ و جوانەکانی «حەسەن»ـە و هەمیشە ئازادییەکانی تاک پێشێل دەکات و خەونە جوانەکانی لە خشتە دەبات، حەسەن لە کڕاکەدا قوربانی هزر و دنیابینییە قووڵەکانیەتی، شیعرێکی نەنووسراوە..

**ئەیانزانی تۆ شیعر نا،**
**ئەلفوبێیەکی مەمنوعی**
**دوای دیار نەمانی حەسەن..**
**سێهەمجار هیچمان نەزانی جگە لە بیرەوەری**

یادەوەرییەکانی «حەسەن» خەمێکی قووڵە و پانتایی دەقی کڕاکەی بە تەواوی داگیر کردووە.

**پاش تۆ حەسەن**
**ئاە حەسەن کەس تۆ ناناسێ هاوڕێ**
**وێدەچێ تۆ نەبووی**
**خەونێک بووی**
**لەم شیعرەدا ئەتبینی**

دەشێت ئەم خوێندنەوەیەی من بۆ دەقی کڕاکە، خوێندنەوەیەک بێت و کەسێکی تر بێت و لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ترەوە خوێندنەوەکە هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە دەقی شیعری خاوەن جیهانێکی کراوەی زمانییە و کردەی ڕاڤە و ڕاڤەکاری تێدا ناوەستێت و وەرگر دوای هەر خوێندنەوەیەک بەشێک لە ئیستێتیکا و دەلالەتی دواخراو و واتای نەگوتراوی تێدا دەدۆزێتەوە، پرۆسەی شیعر کردەیەکی لێڵ و ئاڵۆزی نائاگاییە، چەمکی جوانی لە کڕاکەدا گزنگە و لە خۆری ڕوخسار و جەستەی «سەنەم»ـەوە هەڵدەقوڵێت و لێڵی وتارێکی سیستمی زمان ڕۆشن دەکاتەوە و منی شیعر لە ڕێگەی هەست و هزر و خەیاڵەوە، بوونی وشە بارگاوی دەکات و هابیتوس و باکگراوند و دنیابینییەکانی دەنووسێتەوە، بەڵام نووسینەوەیەک کە سەر بە زمانی نەستە، چونکە لای «لاکان» ناخود ئاگا فۆرمی زمانە، کەواتە ئەم ئەزموونەی «ڕەزا عەلی پوور» کە دەکەوێتە دوای ئەزموونی «قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە»، دەکرێت بە گۆڕانییەکی «ئۆنتۆلۆژی» بچوێنرێت کە «دازاین» لە ڕێگەی ڕستێک پارادۆکس و ئایرۆنیەتی زمان و یاری و گێڕانەوە و دیالۆگ و هەست و هزر و خەیاڵ و خولیای فەردانیەتەوە دەیچڕێت و ئاراستەی جیهان و جوانی و ڕەوشی تراژیدیای دەکات، چونکە هەموو جوانییەک لە بنەڕەتدا هەڵگری جۆرێک لە تراژیدیای شاراوەیە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: کڕاکە.**
**بابەت: شیعر.**
**ناوی نووسەر: ڕەزا عەلی پوور.**
**ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی گوتار - سەقز.**
**ساڵی چاپ: ٢٠١٦.**